


مار



# مار


نووسینی: تاپاسی دی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: نەرمین عوسمان

دیزاین: ئایدیا هێرش

هەڵەچن: هێرش حەمەسەلیم

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٤

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

چاپ: سلێمانی - چاپخانەی کارۆ

NARIN INSTATUTE
for reaserch and publishing

بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین
بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
ژمارە (٥٨)

تاپاسی دی

# مار

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: نەرمین عوسمان

2024

NARIN INSTATUTE
for reaserch and publishing

# ئینستتیوتی نارین

ئینستتیوتێکی کوردستانی، توێژینەوەیی قازانجنەویستە. کاری سەرەکی ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدواداچوونی پرسە هەنووکەیی و نیشتیمانییە گرنگەکانە. هەروەها چاپ و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان و سازکردنی کۆڕ و سیمینار و کردنەوەی خولی زانستی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستانی پێویستی پێیەتی.

ئینستتیوتی نارین ساڵی ٢٠١٣ لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.

مار؛ ئاژەڵێکی درێژە، پەلی نییە، نەرم و خشۆکە.




مار ئاژەڵێکە لە جۆری خوێنسارد،
لەبەر ئەوە پێویستیان بە شوێنی گەرمە بۆ ژیان.



مارەکان ئاژەڵی جۆراوجۆر دەخۆن،
وەک: مێرووی سپی، بڕبڕەدارەکان، باڵندە، بۆق،
ئاسکی بچووک و ئاژەڵە خشۆکەکانی تر.



مارەکان نێچیرەکانیان بەتەواوی دەخۆن!
دەتوانن ئەو ئاژەڵانەش بخۆن کە سێ هێندەی
خۆیان گەورەترن، بەهۆی ئەوەی شەویلاکیان
تا رادەیەکی زۆر دەکشێت.



پێستی مار بە پوولەکە داپۆشراوە.



ماره ژەهراوییەکان بە نێچیرەکانیانەوە دەدەن و ژەهراوییان دەکەن، هەندێکیشیان پێش ئەوەی نێچیرەکانیان قوت بدەن، دەیانگوشن.




مارەکان پێویست ناکات هەموو ڕۆژێک ڕاو بکەن. ئاناکۆندا و پایتۆن دەتوانن تا ساڵێک بەبێ خواردن بژین.





مارەکان لە دارستانەکان،
بیابانەکان، زۆنگاوەکان
و لەوەڕگەکاندا هەن.



زۆر جار مارەکان دەبینرێن کە
زمانیان دەرهێناوە و دەیجووڵێننەوە،
لەبەر ئەوەیە زمانە چەتاڵییەکەیان
بەکاردەهێنن بۆ بۆنکردن.

زۆربەی جۆرەکانی مار هێلکە دەکەن،
تەنیا چەند جۆرێکیان نەبێت بێچوویان دەبێت.



ئەو مارانەی لە کەشی سارددا دەژین، هێلکە ناکەن، چونکە لە کەشی سارددا هێلکەکانیان ناترووکێن.



بچووکترین مار لە جیهاندا جۆری "دەزووەمار"ە،
کە لە کرمی زەوی دەچێت.




گەورەترین مار؛ ماری پایتۆن تۆڕییە.



نزیکەی ٢٩٠٠ جۆری مار هەیە و تەنیا ٣٧٥ جۆریان ژەهراوین.



ماری جۆری "لوسیا ڕەیسەر"، زۆرترین مەترسی لەناوچوونی لەسەرە، کە تەنیا چەند دانەیەکی کەم لەم جۆرە مارە لەژیاندا ماون.



مارەکان لە وەرزی زستاندا دەچنە خەوێکی درێژەوە، بەمەش دەوترێت "متبوون".



مارەکان هێرش ناکەنە سەر مرۆڤ، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە تووشی شۆک دەبن، یان بریندار دەبن.





مارەکان بەهۆی زمانیانەوە هەست بە بوونی نێچیر،
یان دوژمن لە دەوروبەریان دەکەن.

مار بەهۆی ئەوەی پێستی لەسەر زەوییە،
دەتوانێت هەست بە بوونی ئاژەڵی تر
لە نزیکییەوە بکات.



مارەکان بە هیچ جۆرێک لینج نین، پوولەکەکانیان نەرم و وشکن.



ماری درەختی بەهەشت، کە لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا هەیە، دەتوانن بفڕن!



مارەکان گوێیان نییە، بۆ بیستن؛
هەست بە لەرینەوە دەکەن لە ڕێگەی
زەوییەوە.



هەندێک لە مارەکان دەتوانن لە ئاودا بژین، وەک ماری دەم لۆکەیی ئاوی مۆکاسین لە ئەمەریکای باکوور.



ئەو جۆرە مارانەی لەسەر درەختەکان دەژین، بینینیان زۆر باشە، بەڵام ئەو جۆرە مارانەی کە لە کونەکاندا دەژین، هەستی بینینیان زۆر لاوازە.



مارەکان زۆربەی کات لە شەواندا راو دەکەن.



چاوی مارەکان بە پووولەکەی روون داپۆشراوە.
چاوەکانیان هەمیشە کراوەن.



مارەکان ساڵانە نزیکەی سێ جار پێستەکانیان فڕێ دەدەن، بەمەش دەوترێت: "کاژفڕێدان".



لە کاتی کاژفڕێدان، پێستی تازە شوێنی پێستە کۆنەکە دەگرێتەوە.



پێش کاژفڕێدان، پێستی مارەکان ڕەنگیان مات هەڵدەگەڕێت و وشک دەبێت و چاوەکانیان تەڵخ، یان مەیلەوشین دەبن.



هەندێک لە جۆرە
بەناوبانگەکانی مار بریتین
لە: شای کوبرا، مامبای رەش،
ماری گەنمەشامی، ماری زەنگۆڵە،
بوای کلک سوور.



## چەند وشەیەکی نوێ بۆ فێربوون

خشۆک          خوێنسارد

بڕبڕەدار          شەویلاک

پوولەکە          نێچیر

زۆنگاو          ژەهر

متبوون          کاژ

تەڵخ          لینج

